لەلایەن قەتەرەوە ئاسانکاری پێشکەش بەجەماوەری هەبژاردەی نیشتیمانی دەکرێت

ئەمە دووشەممە بەدواوە لایەنە پەیوەندیدارەکانی قەتەر ئاسانکاری پێشکەش بە جەماوەری هاندەرانی هەبژاردەی نیشتیمانی عێراقی دەکرێت کەخوازیارن بە دەوحە گەشت بکەن.

وتەبێژی فەرمی وەزارەتی لاوان و وەرزش حسام حسن لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: بەبەردەوامی لەسەرخەتین لەگەڵ قەتەریەکان پاش فەرمانی سەرەک وەزیران محمد شیاع سودانی و بەدواچوونەکی بەردەوام لەلایەن وەزیری وەرزش ولاوان احمد موبەرقەع بە ئاسانکاریکردنی گەشتکردن بە دەوحە بە هاندانی هەبژاردەی عێراق.

هەروەها حسام حسن لە سەرچاوەیەکی قەتەریەوە وتی لەمەوە ئیتر لە ڕێگای پاکتیکی هیاوە ڤیزا بە هاووڵاتیانی عێراقی دەدرێت بە گەشتکردن بە دەوحە.